ێ ئێوارەی ڕۆژی 25-11-2004 ڕۆژی جیهانی دژ بە زەبرو زەنگ لە دژی ژنان , لە سەر ئاستی ئەڵمانیا بەڕێدەکرێ , لە ژێر ناوی ( ڕۆشناییەک بۆ هەر ژنێک). ئێمە وەک دەنگەکان پێمان باش بوو لە وبارەیەوە , کە کێشەی ژنانە, چەند پرسیارێک ئاراستەی چەند نوسەرێکی ژن و بەرگری کەرانی مافی ژنان بکەین .

**دەنگەکان** : ئایا دەسەلاتی دیموکراتی دەتوانێ کۆتایی بە کێشەی چەوسانەوەی ژنان بهێنێ؟

**مەهاباد قەرەداغی: ئەگەر دیموکراتی لە ناوەڕۆکەکەی خۆی بەتاڵ نەکرێتەوە و پڕاوپڕی مانا و ڕەهەندە و پێناسەکەی خۆی بەکارهێنرا دەبێتە یاریدەدەرێکی باش بۆ چارەسەریی زۆر لەو گرفتانەی کە ژنانیان گیرۆدەی ژیانێکی داخراو و بێداهاتوو کردووە. لە وڵاتێکدا کەدەسەڵاتێکی دیموکراتی بەڕێوەی ببات، تواناکارییەکان لەبەردەم ژنانیشدا فەراهام دەبن و بوارەکانی چالاکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتووری لەبەردەم ژنانیشدا ئاوەڵان، ئەو کاتە دەمێنێتەوە سەر ژنان خۆیان چ جۆرە پرۆژەیەکیان دەبێت بۆ موبیلیزەکردنی ئەو تواناکارییانە لە بەرەوپێشەوەبردنی ڕەوتی ژیان و گوزەرانی خۆیان.**
**دیموکراتی بە تەنها بەس نییە بۆ کۆتایهێنان بە کێشەی چەوساندنەوەی ژنان، ئەگەرچی ئەوە فاکتەرێکی گرنگ و سەرەکیشە " بە مەرجێ دیموکراتییەکی بەناوەڕۆک بێت" نەک تەنها بانگەشەی دیموکراتی. ژنان پێویستییان بە شارژکردنەوەیەکی دەروونی هەیە، مەبەستم ئەوەیە کە مێژوویەکی دوورودرێژی سەرکوتکردن، هەڵاواردن، وەلانان و پەراوێزخستن وای کردووە ژنان سڵکردنەوەیەکی دەروونییان هەیە و هێشتا ناوێرن خۆیان لە قەرەی ئەو بوارانە بدەن کە داب و نەریتی سیستەمی باوکسالاری بە ڕۆڵی پیاوانە ناوزەدی کردووە، بۆ نموونە سیاسەت. ئاسایشی دەروونی بۆ ژنان بووەتە پێویستییەک، بەڵام کەمترین قسەی لەسەر نەکراوە و من پێم وایە ئەمەش یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکی و گرنگانەی کە ئێمە دەبێ لەسەری بوەستین و بیری لێبکەینەوە تا ئەو میکانیزمانە دەدۆزینەوە کە ڕۆڵیان دەبێت لە بەخشینەوەی ئاسایشی دەروونی بە ژنان. ژنان تا ئاسایشی دەروونیان نەبێت، ناتوانن خۆیان ساخ بکەنەوە کە بۆچی خەبات دەکەن و بە کۆنکرێتی چییان دەوێت.**

**دەنگەکان**: چ ئەڵتەرناتیڤێکی واقیعی هەیە بۆ گەیشتن بە رزگاری ژنان؟

**مەهاباد قەرەداغی: وەک ژن و بۆ ڕزگاری ژنان و بۆ چارەسەرکردنی ئاڵۆزترین کێشەی مرۆڤایەتی، هەموو ڕێگایەک پێویستە تاقی بکرێتەوە، لە هەر دەرگایەک بدرێت و، لە هەر شوێنێکەوە بڕێک لەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، لە ئاکامدا و کۆی ئەوانە دەستکەوتن بۆ ژنان. من وەک خۆم باوەڕم وا نییە تەنها حیزبێکی دیاریکراو، بیرێکی دیاریکراو، فەلسەفەیەکی دیاریکراو**

دەتوانێت ژن ڕزگار بکات، بەڵکە پێم وایە ژنی ئەم سەردەمە بە شێوەیەکی ڕاشونێل "عەقلانی" بەهرە لە هەر تواناکارییەک کە لەو کات و شوێنەدا هەیە و لە بەردەستدایە سوود وەربگرێت لە بەرژەوەندی ژنان.

**دەنگەکان** : کێشەی چەوسانەوەی ژنان ناوچەییە یان جیهانی، یان کەلتور و ئاین لە ئاستیدا بەرپرسیارە،یا هەموویان؟

**مەهاباد قەرەداغی:** ئەمە ڕوونە کە کێشەکە جیهانییە، وەلێ ناوچەکانی جیهان جیاواز لە یەکتر وەردەکارییەکانی ئەم کێشەیەیان تێدا پیادە کراوە. تا ئەو کاتەی کە ئایین بێجگە لە دەسەڵاتە ڕۆحییەکەی، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییشی هەیە، دەبێتە بەشێکی هەرەسەرەکی لە کلتووریش، ئەمەش بەو واتایە دێت کە لە هەر ناوچەیەکی جیهاندا کە ئایین ڕووی هەرەزەقی کلتوورە، تێڕوانینی زاڵ لەو کلتوورەدا دەبێتە تێڕوانینێکی ئایینی، واتە تێڕوانینێکی ڕەهای باوکسالاری. بۆیە ژنانی فێمینیست بە بایەخەوە لە پرسی جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت دەڕوانن و پێی لەسەر دادەگرن، چونکە کە ئەو دەسەڵاتە لە ئایین وەرگیرایەوە، یاسای هاوچەرخ جێگەی دەگرێتەوە، کلتووریش ئەو کاتە لەسەر ڕێنومایییەکانی ئەو سەردەم و چەرخە بەڕێوە دەچێ، نەک لەسەر ڕێساکانی ئایین و سەرگوزەشتەی پەیامبەران و ڕێنومایییەکانی هەزاران ساڵ لەمەوپێش.